## "بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی عەقڵی گەورەی دەوێت"

# مایکڵ رۆبن: سەرکردە گەورەکانی کورد بۆ سەرۆکی سوپای قودسی ئێرانی خیانەت لەنهێنییەکانی ئەمەریکا دەکەن




**مایکل رۆبن، رۆژی دووشەمە، ٢٠ کانونی یەکەمی ٢٠١٠، سیمینارێکی لەهۆتێل پەرێز لەسلێمانی پێشکەشکرد. سیمینارەکە، گۆڤاری لڤین بۆی رێکخستبوو. مایکل رۆبن، هەڵگری بروانامەی دکتۆرایە. لێکۆڵەری تایبەتی پەیمانگەی ئینتەرپرایزی ئەمەریکیو گەورە وانەبێژە لەکۆلێژی پۆستگراجووەیتی دەریایی. ئەمەی خوارەوە، دەقی قسەکانییەتی کە لەسیمینارەکە پێشکەشیکرد:**

**لڤین: وەرگێڕانی کەمال چۆمانی**
**فۆتۆکان: سەرتیپ عوسمان**

دەمەوێت بەچەند ساتێک وەستان بێدەنگی بۆ یادی سۆرانی مامە حەمەو سەردەشت عوسمان، دوو رۆژنامەنووسی ئازا کەتیرۆرکران لەبەر ئەوەی نیگای چاپەمەنییەکی ئازادو یەکسانی لەژێر یاسا بۆ هەمووانیان لەکوردستاندا دەبینی، دەستپێبکەم.

سوپاس... ئەوان لەبیرناکرێن، هەروەها دەمەوێت سوپاسی گۆڤاری لڤین بکەم بۆ رێکخستنی ئەم سیمینارە، شانازی بەهاتنم دەکەم بۆ کوردستان وەک میوانی دەزگایەکی راستەقینەی سەربەخۆ، زیاتر لەوەی وەک کەسێک کەبانگهێشتکرابوو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

دە ساڵ بەر لەم مانگە، لەکاتێکدا وانەبێژبووم لەزانکۆی سلێمانی، یەکەم سیمینارم لەکوردستانی عێراقدا پێشکەشکرد. قسەمکرد دەربارەی سیاسەتی ئەمەریکیو هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٠ی ئەوکات.

ئەمڕۆ، من دەربارەی بابەتێکی تر دەدوێم: لۆبی کوردی لەویلایەتە یەکگرتووەکانو چۆن حکومەتی کوردی لەوانەیە کاریگەرتر بێت، لەهەمبەر خۆکشانەکانی بۆ ئەمەریکا.

ئەمڕۆ، کوردەکان لۆبییەکی کاریگەرییان لەئەمەریکا نییە. ئەمە دەبێت روونبێت لەئێستادا، پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانو تورکیا لەخراپترین دۆخدایە لە٥٠ساڵی رابردوودا. بەڵگەنامەکانی ویکلیکس ئەمەی نیشاندا، زۆر خەڵک لەئەمەریکا وەک دووژمنێک قسە دەربارەی تورکیا دەکەن، زیاتر لەوەی وەک دۆستێک. کەواتە بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێهێزە لەگەشەپێدانی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان ئەمەریکاو کوردستانی عێراقدا؟.

لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگە بەهێزییەکانی کوردستانی عێراق ئاماژەپێبکەین.

بەرەوپێشەچوونەکانی هەرێمەکە سەرنجراکێشن. بۆ ماوەی دەیەیەکە دێمە کوردستان، کاتێک یەکەمجار گەیشتم نادڵنیاییەکی گەورە لەناو کوردەکانی عێراقدا هەبوو، هەڕەشەی سەدام حوسێن لەسەر هەرێمەکە جێگەی نیگەرانی بوو، بۆ نموونە "لەکانونی دووەمی ٢٠٠٠دا، هێزەکانی سەدام لەدەورووبەری باعەدرێ کێشەیان دروستکرد، پرۆفیسۆرێک لەزانکۆی سەلاحەدین کەپەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دیاریکردبوو، وەک خاڵی پەیوەندی من داوای لێبوردنی کرد کەناتوانێت وەک پێویست هاوکاریم بکات، وەک خۆی دەیگوت، دەترسا لەوەی ئەگەر یارمەتی ئەمەریکییەکی دابێت کەسەدام حوسێن بگەڕێتەوە، کێشەی بۆ دروستدەکاتو دەبێتە مایەی ئازارپێگەیشتنی.

باچاوێکی خێرا بگێڕین بە دە ساڵی رابردوودا. من زۆر رەخنەگر بووم دەربارەی گەندەڵی بڵاوو خزم خزمێنە (نیپۆتیزم، مەحسوبییەت)

لەلایەن پارتییە سەردەستە سیاسییەکانی کوردستانو زیادبوونی دڵڕەقییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوانەشدا ئەوەش راستە مام جەلالو هێرۆ خانو بەرهەم ساڵح شیاوی متمانەپێدانن بۆ پێشەچوونی کوردستان، ئەوە باشە کەسەرکردەی گۆڕان نەوشیروان مستەفا، پارێزگاری پێشووی سلێمانی دانا مەجیدو تەواوی سەرکردایەتی گۆڕان لەسەر ئەو میراتە بەردەوامنو بنیاتدەنێن، کوردەکانو ئەمەریکییەکان پێویستە سوپاسی پێشمەرگەش بکەن کەئازایەتییەکەیان لەدژی سەدام حوسێن، ئەو دەرفەتەی بەکوردەکانی عێراق داوە کەئەمڕۆ بەخۆشی ژیان بەسەرببەن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئازادی لەتەواوی کوردستاندا جێگیر نییە، سلێمانی کرانەوەی زیاتری لەپارێزگاکانی دیکەی کوردستانی عێراقەوە بەخۆوە بینیووە، بۆ نموونە "ئەمڕۆ جیاوازی نێوان سلێمانیو هەولێر، وەک جیاوازی نێوان لوبنانو سوریایە، هیچیان بەتەواوی ئازاد نین، بەڵام لوبنانییەکان فەزایەکی فراوانتری مەدەنییان هەیە لەسوریا، سوریا وەک وڵاتێکی پۆلیسی دەمێنێتەوە.

ئەوە جێگەی بایەخە بۆ سلێمانی کەدوو رۆژ لەمەوبەر، خوێندکارە ئازاکان، رۆشنبیرانو خەڵکی ئاسای دژی یاسای خۆپیشاندانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەستانەوە کەمافی خەڵک بۆ خۆپیشاندان سنووردار دەکات، پرۆتێستە گشتییە ئاشتیخووازەکان تەنیا دەتوانرێت لەسلێمانی رووبدەن، چیتر لەهەولێر یان دهۆک ناکرێن.

کوردستانی عێراق بۆ ماوەیەکی درێژ ویلایەتە یەکگرتووەکانی وەک هاوپەیمانێک داناوە بەلایەنی کەمەوە، هیچ نهێنی نییە کەکوردستانی عێراق لایەنگرنگترین هەرێمی عێراقە بۆ ئەمەریکا، کەواتە بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژێرکەوتووە لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا؟.

**بۆچی ویلایەتە یەککگرتووەکان چیتر پشتیوانی هەڵوێستی کوردی ناکەن؟.**

هۆکاری زۆر هەن، یەکەم، سەرکردایەتی کورد لەبەردەوامیدان بەهەردوو بنەمای رێزو راستگۆی لەپاشەکشەدان. گەلێک جار سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت "ئێمە دیموکراسیین."، وڵاتە دیموکراسییەکان رۆژنامەنووسان ناکوژنو درۆش دەربارەی ناکەن، وڵاتە دیموکراسییەکان هەڕەشە لەرۆژنامە سەربەخۆکان ناکەن بەداواکردنی یەک ملیار دۆلارو نووسەران نادەنە دادگا، لەبەر نووسینی رەخنەگرانە، یان موفلیسکردنی ئەو رۆژنامەنووسانەی کەپرسیاری قورس دەکەن، وڵاتە دیموکراسییەکان دەستەیەک یاسای بۆ منداڵانی بەرپرسە حیزبییەکان نییە، دەستەیەکی تر بۆ خەڵکی ئاسای.

هەروەها راگەیاندراوەکانی حکومەت بۆ مافەکانی هاووڵاتییان بەهەژاری رۆڵدەگێڕن. گەلێک جار سەرکردایەتی کوردستان دەڵێت "ئێمە هاوپەیمانی ئێوەین، ئێوە قەرزداری ئێمەن"، ئەوە راستە کوردەکان لە٢٠٠٣دا هاوپەیمانی گەورەی ئەمەریکا بوون. ئەمەریکییەکان رێزی ئەمە دەگرن، ئەمەریکییەکانیش یارمەتی پاراستنی کوردەکانیان لە١٩٩١داوە، هەمان ئەو کارە پێویست بوو ئێمە بەهەمانشێوە بمانکردایە بۆ شیعەکان، ئەمەریکییەکان بەرگرییان لەهەرێمی (دژەفڕین) کرد.

کوردەکان لەوانەیە تێنەگەن بۆچی، لەدۆخی وادا، ئەمەریکییەکان چیتر باوەڕیان بەسەرکردایەتی کورد نییە، بۆچی هاوبەشیمان لەگەڵ کوردستانی عێراق بەهێزتر نییە، کێشەکە لەگەڵ خەڵکی کورد نییە، بەڵکو زیاتر لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانە. هەندێکجار بەرپرسان لەواشنتۆن گفتوگۆی تایبەتییان هەبووە لەگەڵ سەرکردە کوردەکان، گفتوگۆکان لەنێوان سەری رەشو کۆشکی سپی بووە، بەڵام لەماوەی سەعاتێکدا وادەردەکەوێت سەرکردە گەورە کوردەکان خیانەتیان لەنهێنییەکان کردووە، بۆ قاسم سولەیمانی، ژەنراڵی سوپای قودسی ئێران کەبەرپرسە لەتێرۆرکردنی ئەمەریکییەکان. گەلێکجار وادەردەکەوێت بەرپرسانی کورد نهێنییەکانی ئەمەریکا وەک شتێک دەبینن کە تا بەرزترین نرخ موزایەدەی پێوەبکرێت.

**ئەمڕۆ جیاوازی نێوان سلێمانیو هەولێر، وەک جیاوازی نێوان لوبنانو سوریایە، هیچیان بەتەواوی ئازاد نین، بەڵام لوبنانییەکان فەزایەکی فراوانتری مەدەنییان هەیە لەسوریا، سوریا وەک وڵاتێکی پۆلیسی دەمێنێتەوە**

ئەمەریکییەکانیش تاوانباران پۆلیسێکی گەندەڵی ئەمەریکی، یان کۆڵۆنێڵێکی سوپای ئەمەریکا دەتوانێت بێتە کوردستانو ببێتە ئەمیر، لەوانەیە بە بەرپرسان بڵێن ئەوان پەیوەندی باشیان هەیە لەواشنتۆن، بەڵام ئەگەر ئەوان لەئەمەریکا وەک دز ناسرابن، ئەوکات خەڵک پرسیاردەکات "بۆچی سەرکردایەتی کورد بەخەڵکی وا بێمتمانە دەوری خۆی دەدات؟".

کوردەکان دەڵێن ئەوان هیچ دۆستێکیان نییە تەنیا چیاکان نەبێت، بەدڵنیای رەگی ئەم قسەیە خیانەتی دووبارەبووەوەیە کەکوردەکان ئازاریان پێچەشتووە، بۆ نموونە "لە١٩٧٥، هێنری کیسینجەر پشتیوانی ئەمەریکای لەڕاپەڕینی کوردەکان کشاندەوە بێئەوەی حسابێک بۆ لەدەستدانی ئینسانی بڕیارەکەی بکات لەگەڵ ئەوەشدا، کوردەکان خۆیان بەرپرسیارن لەنەبوونی دۆستی راستەقینە. بەرپرسانی کورد، بەتایبەتی ئەندامانی حیزب بەشێوەیەکی سادە بەرانبەر ئەمەریکییەکانو بیانییەکان مامەڵەدەکەن.

لە٢٠٠٠-٢٠٠١دا، ساڵێکی ئەکادیمیم لەکوردستانی عێراق



بەسەربرد، لەکاتێکدا دەستەڵاتی کوردی شوێنی مانەوەو نانخواردنێکی بچووکی بۆ من ئامادەکردبوو، من نەموچەم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت، نەتەمویلی پرۆگرامی زانکۆکەمیان کرد، یان ناوەندە فیکرییەکەم (think-tank) نە بەدوای ئەوەوە بووم شوێنم بکرێتەوە لەبازنە فراوانەکەی راوێژکارانیان. ماوەکەم لەکوردستانی عێراقدا لەڕووی داراییەوە بەخشینێکی بچووک بوو لەلایەن ئەنجومەنی کارنیج بۆ ئێپنیکس لەکاروباری دەرەوە (www.cceia.org).

من پشتیوانیم کرد لەشەراکەتێکی نزیکی کوردەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان لەبەر ئەوەی وەک بەرژەوەندییەکی ئەمەریکا بینیم. من بەکاریگەرانە پشتیوانیم لەمافەکانی مرۆڤی کوردو بەرزکردنەوەی ئاگایی دەربارەی هەڕەشەکانی سەدام حوسێن کەڕووبەڕووی تەواوی ئەتنییە عێراقییەکانو ئاینەکانی کردبووەوە، هەروەها دەربارەی پاکتاوی ئەتنییم نووسی لەکەرکوک، پاشماوەی کاریگەرییەکانی هەڵمەتی جینۆسایدی ئەنفال. بەبەراوردکردنی



کوردستانی عێراق لەژێر گەمارۆکان لەگەڵ تەواوی عێراق لەژێر هەمان گەمارۆدان، توانیم ئەوە نیشانبدەم کەکێشە لەعێراقدا گەمارۆکان نین، بەڵکو سیستەمی دیکتاتۆرییەتە لەعێراقدا.

ئەوە ئەوەندە باش نەبوو بۆ زۆرێک لەبەرپرسانو ئەندامانی حیزبەکان، لەبەر ئەوەی من بەتەواوی لەگەڵ ئەوان کۆک نەبووم، نەمدەویست کوێرانە پڕوپاگەندەکانی ئەوان جێبەجێبکەم، من گەشەکردنی گەندەڵیم لەکۆمەڵگەی کوردی ناساندو هەر لەبەرئەوەشە لەم ژوورە لەوانەیە هەڵوێستی من زۆر جەماوەری نەبێت، هەروەها نارازیش بووم لەگەڵ زۆر لەبەرپرسە کوردەکان دەربارەی پەکەکە (پارتی کرێکارانی کوردستان)، کەئەوکاتو ئێستا هەردووکیان وەک گروپێکی تیرۆریست پۆلێنیاندەکرد.

دەتوانین ئەو مەسەلەیە رۆژێکی تر گفتوگۆبکەین، قسەی من ئەوەیە کە من لەوانەیە ٧٥٪ کۆک بووبم لەگەڵ دەستەڵاتی کوردی لەو کاتەدا، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کورد دەڵێن "یان دەبێت سەداسەد کۆک بیت لەگەڵمان، یان ئەوەتا دوژمنی ئێمەی."

**من گەشەکردنی گەندەڵیم لەکۆمەڵگەی کوردی ناساندو هەر لەبەر ئەوەشە لەم ژوورە لەوانەیە هەڵوێستی من زۆر جەماوەری نەبێت**

ئێستا، سەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانیو سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی لەوە تێگەیشتون، بەڵام زۆرێک لەئەندامانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی تاڵەبانیو پارتی دیموکراتی کوردستانی بارزانی تێنەگەیشتوون، بەرپرسە ناوەندییەکان وابیردەکەنەوە "من هێرش دەکەمە سەر ئەم ئەمەریکییە، من دەڵێم ئەو ئاژانێکی تورکیایە، یان هی ئیسرائیل، یان ئەو رقی لەکوردەکانە"، ئەوان وابیردەکەنەوە ئەگەر بەزمانێکی خراپ باسی بیانییەکان بکەن، ئەوە کاریگەری لەتاڵەبانیو بارزانی دەکات بۆ پیشاندانی وەلائی خۆیان، ئەوە تەنیا بەرانبەر من روویندەداوە، بەڵکو بۆ زۆر لەئەمەریکی دیکەش.

هیچ هەڵە مەکەن: ئەوە یەکێک لەو هۆکارەکانە کەبۆچی کوردەکان دۆست لەدەستدەدەن، هەر کەکۆمارییەکان جەماوەرێتییان لە٢٠٠٨ لەدەستدا لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی، بەرپرسانی کورد لەویلایەتە یەکگرتووەکان دەستیانکرد بەهێرشکردنە سەر کۆمارییەکان پاڵەوانێکی نوێیان لەسیناتۆر جۆزێف بایدندا دۆزییەوە، کەزوو دەبێتە جێگری سەرۆک، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەواشنتۆن ئەوەندە دژایەتییەکەی رۆیشت تابابەتێکی رەخنەگرانەی بەئیمەیڵی ئۆفیسەکەی نارد کەتێیدا رەخنەی ئازادکردنی عێراقی دەگرت، ئەمە تەنیا بۆ دڵخۆشکردنی دیموکراتەکان بوو کەدەیانوت کۆمارییەکان درۆیان کرد بۆ داگیرکردنی عێراق، ئێستا دوو ساڵ دوواتر هەر کەدیموکراتەکان لەسەر سندوقەکانو راپرسییەکان لەپاشەکشەدان ئەوان دژایەتی بایدن دەکەنو بەکۆمارییەکاندا هەڵدەڵێن، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە لەوانەیە لەکۆمەڵگەیەکی ئۆتۆکرات، ئیستیبدادی، ئیشبکات، نەک لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراسی وەک ئەمەریکا، ئەو خەڵکانەی کەکوردەکان هێرشیانکردنە سەر هەرگیز ئەوە لەبیرناکەن، بەدڵنیای بەرپرسانی ئەمەریکی بەردەوام دەبن لەجێبەجێکردنی پەیوەندییە پرۆفیشناڵەکانیان، بەڵام پرۆفیشناڵیزمی ساردو دۆستایەتی وەک یەک نین.

ئەوە دەمانهێنێتە لای خاڵێکی تر، سیاسەتی ئەمەریکی زۆر لەبەرپرسە کوردەکان دەپرسن "کێ باشترە بۆ کوردەکان، دیموکراتەکان یان کۆمارییەکان؟"، وەڵامی من ئەمەیە، ئەوە هەڵەیە بپرسرێت، جیاوازی نێوان دیموکراتەکانو کۆمارییەکان شتێکە بۆ ئەمەریکییەکان تادەربارەی نیگەران بن، بۆچی کوردێک هاووڵاتییەکی ئەمەریکی نییە، گرنگی پێدەدات؟، ئەوە بۆ ئەو کوردە هەڵە دەبێت کەحیزبێک لەسەر یەکێکی تر هەڵبژێرێت، هەروەک چۆن بۆ من هەڵە دەبێت پشتیوانی پارتێکی سیاسی کوردی بکەم.

هیچ هەڵەیەک مەکەن: من کورد نیم، بۆیە هەرگیز پشتیوانی پارتی دیموکراتی، یان یەکێتی نیشتیمانی، یان گۆڕان ناکەم، وەک شیکەرەوەیەکی سیاسی ئەمەریکی، تەماشای سیاسەتی کوردی دەکەم، تەنیا لەچاوی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاوە، کاتێک رەخنە لەگەندەڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خزمخزمێنە، نیپۆتیزم، تەزویری هەڵبژاردنو چەوساندنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگرم ئەوە دەکەم، چونکە دەترسم ئەو کێشانە راستنەکرێنەوەو کوردەکان ئەو کێشانە بەپشتیوانی ئەمەریکا ببەستنەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوکات دژە ئەمەریکابوون گەشەدەکات.

کەواتە ئەگەر کوردەکان دیموکراتەکان لەکۆمارییەکان بەباشتر نەزانن، چۆن لەسیاسەتی ئەمەریکی نزیکببنەوە؟.

کوردەکان پێویستە تەماشای سیاسەتمەدارە تاکەکانی ئەمەریکی بکەنو پرسیاربکەن کێ پشتیوانی هەڵوێستی کوردی دەکات لەهەمبەر مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی؟، کێ پشتیوانی هەڵوێستی کوردی دەکات لەهەمبەر نەوت؟ کێ لەئەنفال دەگات؟، کێ دژی سەدام حوسێن وەستا بۆ کورد لە رابردوو؟، کێ دژایەتی سەدامەکانی ئێستاو رابردوو دەکات؟ ئەگەر کوردەکان ئەمە بکەن، ئەوان دەتوانن ئەوە ببینن دۆستیان هەبێت لەناو هەردوو پارتە سیاسییەکەی ئەمەریکا، کەواتە بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو دەبن بەبێ گوێدانە ئەوەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەکامە




پارتی دەبێت.

ڕێگەمدەن نموونەیەکی دیکەتان بدەمێ. دیموکراتەکان زۆر بەباشی لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٨ کاریانکردو ئۆباما کۆشکی سپی بردەوە، من کۆماریمو خۆزگە کۆمارییەکان دەیانبردەوە، بەڵام خەڵکی ئەمەریکی قسەیکردو من ڕێز لەسەرۆک ئۆباما دەگرم وەک سەرۆکی گشتی خۆم، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پێشبڕکێکان لەبەرژەوەندی ئەو جێگیر نەبون، لە ٤ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨.

لەجیۆرجیا، هەڵبژاردنێکی توند هەبوو لەنێوان دیموکراتەکانو کۆمارییەکان، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەواشنتۆن یارمەتی ڕێکخستنی پشتیوانی دا بۆ دیموکراتەکان لەبەر ئەوەی دەیانویست دڵی ئۆباما خۆشبکەن، ئەمە ستراتیژییەکی خراپ بوو لەبەر دوو هۆکار: یەکەم، کۆماری لەجیۆرجیا بردیەوە، لەوانەیە ئەو ئێستا کورد وەک نەیار ببینێت، دوو ساڵ دوواتر هاوکێشەی سیاسی لەویلایەتە یەکگرتووەکان گۆڕاوە. کۆمارییەکان هەڵدەستنەوە، ئێمە هەولێر یان دهۆک نین، لەئەمەریکا زیاتر لەحیزبێک ڕێگەپێدراوە کە هەڵبژاردن بیباتەوە، بەهۆی یاریکردنی سیاسەتی ئەمەریکییەوە لەدوو ساڵی داهاتوو حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەری خۆی لەدووای ٢٠١٢ دەخاتە مەترسییەوە.

سەرەڕای هەڵەکانی ڕابردوو هەڵسەنگاندنە نادروستەکان، ڕێگای دیکە هەن کەنوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی کورد لەواشنتۆن زیادبکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان ژەنەڕاڵی خانەنشێنکراو زۆر لەبسنیسمانەکانو زۆرێک لەنووسەران بانگێشتی کوردستانی عێراق دەکات، ئەوە فیکرەیەکی باشە: تا خەڵکی زیاتر کوردستانی عێراق ببینێت، بۆ ئەو مەسەلەیەو تەواوی عێراق باشترە، بەڵام دەستەڵاتدارانی کوردستان ئەو سەردانانە ناڕێکخراو دەکات، کاتێک ئەمەریکییەکان میوانی حکومەتی هەرێم دەبنو سەردانی کوردستانی عێراق دەکەن، هەموو ئەو شتانەی دەیکەن بینینی وەزیرێکە بۆ وەزیرێکی ترو خواردنی جەژنانەیە لەهەر وەستانێک، ئەمەریکییەکان دەمێکە دەزانن کوردەکان باشترین کەبابو سەروپێ دروستدەکەن، بەڵام ئایا بەڕاستی لەبەرئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ملیۆنان دۆلار خەرجدەکات بۆ هێنانی ئەمەریکییەکان لەوێوە؟، ئایا کەرکوک گرنگتر نییە؟، بۆچی وەفدە ئەمەریکییەان نابرێنە کەرکوک بۆ زانین دەربارەی مێژووەکەیو چەندەش ئەمڕۆ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگە؟، بۆچی وەفدە ئەمەریکییەکان نابرێنە شوێنەکانی دیکەی کوردستان کەئازاریان بەهۆی ئەنفالەوە پێگەیشتووەو لەبری تەنیا هەڵەبجە؟، من دەزانم ئەنفالو کیمیاباران تەنیا لەهەڵەبجە نەبووە، بەڵام زۆربەی سەردانیکەرە ئەمەریکییەکان نازانن، ئەنفال دەیان گوندی گرتەوەو حکومەتی سەدام حوسێن چەکە کیمیاییەکانی لەژمارەیەک ڕووداوی جیاواز بەکارهێنا، وەک چۆن هێرشی هەڵەبجە تراژیدی بوو، ئەنفال تەنیا سنوردار ناکرێت بۆ ٥ هەزار خەڵکی هەڵەبجە.

کاتێکی سنووردارم هەبوو هێشتا زیاتر ماوە بۆ گفتوگۆکردن، بەڵام دەمەوێت کاتەکە بۆ پرسیارەکان بەجێبهێڵم، زۆر سوپاستان دەکەم.